# بەرتیل لەمژوودا!.. نەژاد عزیز سورمێ

بەرتیل و بەرتیل خواردن و بەرتیلخۆر و بەرتیلخۆریی ، وەك دیاردەیەكی پەیوەندار بەشێواویی سیستەمی حوكم و بەڕێوەبایەتی و ناسەقامگیری قانوون و تێكچوونی باری ئابووری و كۆمەڵایەتی و هەڵپەرستایەتی(ئینتهازیەت) و خۆپەرستی و چاونزی لەرادەبەدەر و لەق بوونی بیروباوەڕ.. واپێدەچێ سەردانانی لە ڕۆژگارە هەرە دێرینەكانەوە بووبێت...

چیرۆك نووسی میسری (مجید طوبیا)، لەم بارەیەوە باسێكی ئامادەكراوی ساڵی 1981 بۆ ئاوكردووەتەوە ئەمەی خوارەوە نوشكێكیەتی:

لەم ڕۆژگارەدا بە بەرتیل دەڵێن ، دەستخۆشانە و شیرینی و هەندێ جاریش پاداشت!
لەكاتێكدا زەمانی مەمالیكەكان ئاشكاوانە پێی گوتراوە بەرتیل (البرطلة)، مەسەلا وتوویانە فڵانە كەس بەرتیلی وەرگرت ، واتە بەرتیلخۆرە ، ئەو بەرتیلەش هەندێك جار پێی گوتراوە پاداشت، كە پاداشتیش هەموومان دەزانین پتر پەیوەندی بە بەخشش و بەخشینەوە هەیە.

ئاستیەكەی بەرتیلیش ئەگەر بەرتەسك و تاكە كەسی بێ ئەو بایەخ و مەترسیەی نابێ..

بەڵام كە دەبێ بە دیاردەیەكی گشتی و هەموو لە هەموو ، دیارە دەبێتە هۆی داتەپین و تێكچوونی شیرازەی كۆمەڵ و دەردێكی كوشندە و پەتایەك تەواوی دەوروبەر دادەگرێ.

هەزار و سێ سەد ساڵ پێش زایین (حەرمحەب)ی پاشای میسر قانوونێكی بۆ بەرتیلخۆری داناوە تیایدا ئیعدامی بۆ ئەو فەرمانبەر و سەرباز و كاهینانە داناوە بەرتیل وەردەگرن..
دوای ئەویش (سیتی یەكەم) بۆیاری بۆینی لوت و گوێی ئەو فەرمانبەرەی داوە شوێنەكەی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی بەكار دەهێنن...
بەگەنامەی تریش زانرن كە باسی دیاردەی بەرتیل لە كۆمەڵگای گریكی و ڕۆمانی دەكەن ، هەر لەم بارەیەوەش نامەیەكی دكتۆرا بەناونیشانی

(بەرتیل لە زەمانی سوڵتانەکانی مەمالیك) پێشکەش بە زانکۆی قاهیرە کراوە…
ئەو لێکۆڵینەوە بەرتیل بە سەدەکانی سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام دەگەڕێنێتەوە ، کە لە ناو حاکم و وەزیر و والی و کڕیگرتە و قازیان دا باوبووەوە ، لەگەڵ ئەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر دژی ئەو دیاردەیە بوون!
لەم ڕووەوە دەگەڕێنەوە و دەڵێن: یەکەمین کەس لە ئیسلامدا بەرتیلی خواردبێ (مغیرە بن شعبە)یە کە ساڵی 662ی زایینی والی کوفە بووە ، ئەمەش لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی ئەمەوی دا ئاماژەی پێ دراوە.

لەسەردەمی عەباسیشدا ، ئەوانەی عەودا ڵی وەزارەت و پلە و پایەکانیتر بوون لە دەوڵەت ، بێ گەیشتنیان بەرتیلیان دەدایە ژنانی کۆشك و فەرماندە تورکەکان ، هەر بە نموونە دەگێڕنەوە : دەرگەوانی خەلیفە مەنسور ، بە سەد هەزار دینار بڕیتە پێناوی – عراب – (یاقووبی کوڕی داود) لەوەی بیکا بە وەزیر، ئەوجا هەموو وەزیرێکی نوێش لایەنگیر و دەوروبەری خۆی بە بەرتیل دەهێنا و کاری پێ دەدان ، بۆیە هەر کاتێك ئەو لە فرمانەکەی خۆی کارکەنار بکرابووایە ، ئەوانیش نەدەمان ، ئەمەش ببوو بەهۆی ناسەقامگیریی ئیدارەی دەوڵەت و باوبوونەوەی بەدەوەشتی و پتربوونی زوڵم و زۆری….
تەنانەت کار بەوە گەیشتبوو ، لەسەردەمی عەباسیدا خەلیفەکان خۆشیان بە بەرتیلخۆر تاوانبارکراون ، بەو بەڵگەی (طبری) لە مێژووەکەیدا دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: خەلیفە هادی هەوڵێکی زۆری لەگەڵ خەلیفە هاروون دا کە لە بری وازهێنانی لە جێنشینیەتی هەزار هەزار دیناری بداتێ!
(مەقریزی)ش – ضاهر برقوق- ی یەکەم سوڵتانی مەمالیکە چەرکەسییەکان بەوە ناسوا دەکا کە لەکاتی حوکم کردنی دا بەرتیل بە ئاشکرایی وەردەگیرا و دەدرا ، بەمەش هەرچی ڕەزیل و سەفیل و هەرچی و پەرچی هەبوو پلە و پایەی بە بەرتیل بەردەکەوت…
د. ئەحمەد عەبدولڕەزاق ، کە خاوەنی ئەو نامە دکتۆرایەیە لە پێشدا باسمان کرد، باوبوونەوە و تەشەنەسەندنی بەرتیل لە زەمانی مەمالیکەکان دا زیاتر بێ دەست باوی و زێدە ئیسرافی دەگەڕێنێتەوە ، بە نموونە دەڵێ ئاهەنگی خەتەنەی کوڕی سوڵتان (قایتەبای) حەفت ڕۆژ و حەفت شەوی خایاند و هەموو قاهیرەی تێدا ڕازانرابووەوە ، یاوەك (ئیبنی ئەیاس) دەڵێ: ڕۆژ و شەوی جڕنەك بوون ، نە دیترابوون ، نە لەبیردەچنەوە!

هەندێ جار ئیش و کار و پلەو پایەی ئایینیش بەرتیلی تێدا دراوە ، وەك ئەوەی (محی الدین النقیب) شەش جاران لەسەر یەك بەزەبری بەرتیل کراوەتەوە بە قازی.

لەدوا دواکانی (1051)ی زایینیشدا، خەڵکی هەبوو بە بەرتیل تەنانەت دەگەیشتە پایەی سوڵتانیش! هەر بە نموونە: (الغوری) ناوێك لە شەست ساڵیدا بوو بە سوڵتان لەکاتێکدا وڵات سەیار و دەیار کەوتبووەوە سەر ساغە ، کابراش لە کێکردنەوەی چەشنەها باج و سەرانە قسوری نەدەکرد.

بەڵام لە هەموویان خۆشتر کە هەر مەقریزی لە پێشهاتەکانی ساڵی 1427ی زایینی دا دەگێڕێتەوە ووداوی کابرای کەچەڵە: گوایە ژنێ کابرایەکی کەچەڵ لە حزوری سوڵتان دا کێشاوی لەسەر دادەکەڵ و کەچەڵیەکەی دەردەکەوێ ، بەمەش دەبێتە مایەی پێکەنینی دانیشتووان ، ئیتر کابرا هەل دەقۆزێتەوە و تکا لە سوڵتان دەکا بیکا بە سەرکی کەچەڵان..
سوڵتانیش لە قاڵبی گاڵتەدا دەڵێ باشە لەمڕۆوە تۆ سەرکی کەچەڵانی!

بەمجۆرە کابرا دەبێ بە گەورەترین بەرتیلخۆر و لەوەش زیاتر دەکا ، پایەی بەوەی سەرکی کەچەڵانەی بەکاردەهێنێ و هەرچی کەچەڵی وڵاتییە باجی دەخاتە سەر و حەواڵەی باخەڵی دەکا ، تا ئەوەی بارەکە تەواو دەشێوێ و وڵات دەشەژێ و هەرچی کەچەڵ هەیە ناتوانێ لەترسی سەرکی کەچەڵان سەری خۆی بخورێنێ! بەڵادەیەك دەگاتە ئەوەی سوڵتان فەرمان بدا جاڵبدەن : ئەی کەچەڵەکانی وڵات لەمەودوا دەتوانن بە ئاسوودەیی سەرتان بخورێنن.

---

# پاش دێ ساڵ، هەڵبژاردنێک بۆ نێعرەتێی قۆومی.. عوسمانی حاجی

# مارف

ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، هێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران جار لەگەڵ جار زۆر کەمتربووتەوە، گۆڕ بەشداری بە ئەنجومەنی نوێنەران کە لەساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدرا هێژەی بەشداربوانی بەرزترەی ٨٠% بووبێت!، دەبینین هێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ دا بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی بە لە ٣٠% کەمتر، هێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دوای دە ساڵ لە خەوتن و فەرامۆشی بە هەڵبژاردنی پارێزگاکان، کە لە ١٨ی ئەم مانگەدا ئەنجامدرا، بەخەیان ئایانگەیاندوە کە لە ٤٠% بەشداریان کردووە، بەڵام ئەم هێژەیە لەکاتێکدا دەزگا بایەمتریەکانیان کاری پێنەکرابێت و هەزمکی وەک سەدر بایکۆتی ئاگەیاندبێت، دەخی نالەباری ژیانی دانیشتوانی شارەکانی عێراق لە ناڕەحەتی و نەهامەتی بێت، هەروەها نەبوونی هەزی ئەپزسیۆنی ئاستەقینە بە کەبەکە لەگەڵ لایەنەکانی دەسەڵات، نەبونی هیوا بە گۆڕانکاری، ناکرێ ئەو هێژەیە جێگای بەوا بێت، جگە لە شاری کەرکوک کە لەدەخێکی تایبەتی هەرای دەمارگیری نەتەوەپەرستیدا هەواجی پێدرا.

بەگوێرەی ئاماری کەمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، زیاتر لە٢٣ ملیۆن هاووڵاتی هەن کە ناویان لە لیستی دەنگدەراندایە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئەو ئاشکرابو تەنها ٦٠% یان کارتی بایەمتریان وەرگرتووە، واتە زیاتر لە٩ ملیۆن هاوڵاتی هەیە کەلە٤٠% دەکات پێش دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن مافی دەنگدانیان لەدەستداوە، واتە ئەو لە ٤٠%ی بەشداربوان لەسەر حسابی ١٤ملیۆن کراوە نێک ٢٣ ملیۆن.!؟.

جگە لەوەش لایەنە دەسەڵاتدارەکان پارەو وزەیەکی زۆری خۆیان بە بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان خەرج کردوە، بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی لە کەرکوکدا. ئەوەی کە بەدوای ئەم هەڵبژاردنەشدا ەون و ئاشکرایە، داهاتوەکی هێڵکی نابێت لە کەتاییهێنان بەو دەخە ناسەقامگیریە سیاسیەی کە عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، چونکە هەشتا بەدەست گەندەیەکی بەربڵاوو ململانێی دینی و تائفی و نەتەوەیەوە دەناڵێنێت، کە بووتە هەی وێرانکردنی ژیانی خەڵک و وێرینی فەرمیەتی ئەزمەکی سەراسەری کەلە سایەی دەسەڵاتی میلیشیادایە. جگە لەوەش زۆرینەی دانیشتوانی عێراق هیچ قەناعەتێکیان بەو ئەزمانە نیە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراون.

پەگەی فەرمی ناوچە جەناکەکەکان– لەوانەش کەرکوک، تەلعەفەر، حەمدانیە، شەنگال، زەممار، مەخموورو خانەقین مەلمەلانێیەکی گەرمی لەسەرە، کەرکوک و بەشەک لە سێ پارێزگاری دیکەی باکوورکە بە "ناوچەی جەناکەک" دادەنرێت، دەخی کەتایی ئەم ناوچانە کە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێم بە بەشەک لە ناوچەی خەیانی دەزانن، بۆیە پرسی ئیدارەدانی هەنبژاردنی ناوچە جەناکەکەکان بووەتە چەقی مەلمەلانێی سیاسی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە بەشێوازێکی غەیرە فەرمی دەیبەستنەوە بە شەرعیەتی هەنبژاردنەوە، بەڵام گەرەنتی نیە ئەم شەرعیەتە پارێزراو بێت و بچێتە سەر، لەحاڵەتی مەلمەلانێی تووند و نەخوازراودا هیچ حسابێک بۆ هەنبژاردن ناکرێت.
هەنبژاردن لەم ناوچانە هەمیشە دەرفەتێک بووە بۆ لایەنە سیاسیەکان و هاوپەیمانێتیەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی گوتاری تایفەگەری و دەمارگیری نەتەوەیی، واتە هەنگدانەوەی بانگەوازو نەعرەتەی قەومی و تائیفی بۆ ئامانجی گەیاندنی دەنگدەر بۆ سندوقەکانی دەنگدان، لە پەنەسەی هەنبژاردندا زەربەی لایەنەکان و کاندیدەکانیان ئاماژە بە بوونی کەمەنگەیەکی مەدەنی و گەشەسەندوو ئەدەن! لەواقیعدا زەرینەی دەنگدەران لەسەر بنەمای ئاراستەی نەتەوەییان تائیفی دەنگ بە کاندیدو لیستەکان دەدەن، نەک لەسەر بنەمای بەوانامەیان بەرنامەی سیاسی و هاووەاتیبون، گوتارەکانی باقل تاهەبانی زەر بە حەماسەوە لەوەدا بەرجەستەی کردەوە کە کەرکوک قودسی کوردستانە و شاری کوردانە!، کە لەوبارەیەوە کاریگەری خەی دانا لەسەر هەست و مەزاجی لایەنگران و دەنگدەرانی یەکەتی.
دانیشتوانی ناوچە جەناکەکەکان بەدەست کەشێکی لایەنە سیاسیەکانەوە دەناڵێنن، چونکە نوێنەرەکان لەسەر بنەمای جەختکردنەوەو خەناسینیان لەسەر پابەندبونیان بە نەتەوەکەی یا تائفەکەی، بۆیە دەبنە بەهاو سەرچاوەی دژی پەکەوە ژیان، هەر بەرپرسەک پێش هەموو شتەک بە خەمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەوەیە بە دەنگدەرانی سەر بە نەتەوەکەی و تائفەکەی خەی، ئەمەش بووەتە هەی تەکچوونی دەخی ئەمنی وبەربەستەکی سەرەکیە لەبەردەم دەستبەرکردنی سەلامەتی هاوەاتیانی مەدەنیدا.
جەری ئەم هەنبژاردنە بەخەی بەڕێنی ئەوە دەدەن کە پرسیەکی قورس و گرژو دەرئەنجامەکی ناشایستە دەبەخشنە دانیشتوانی ئەو ناوچانە، لەهەمانکاتدا ئەنجومەنی پارێزگاکان دوای تەواوبوونی پرسەی هەنبژاردنەکان هووبەووی کەمەنەک تەحەدای نوێ دەبنەوە. لەرەوە مامەنە نەکردن لەگەڵ هاوەاتی لەسەر بنەمای هاوەاتیبوون و کارکردن لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەو تائیفی کەشەی زەر لەسەر ئاستی

کەمایەتی و سیاسی لە ناوچە جێناکۆکەکان دروست دەکات.
واتە ئەگەی کێشەکانی ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەتی لە کەرکوک، کێشە نائەمنیەکەی ئاکامی کێشەیەکی سیاسیە، لە ڕواجدان و چاندنی دوبەرەکی نەتەوەیی و تائفی، کە بانگەوازکانی یەکێتی نیشتمانی بەدوای شکستی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر ٢٠١٧، لەم هەڵبژاردنەدا بە ئاراستەی دوبارە دەمەزڕدکردنەوەی هەڵگیرسانی شەڕی قەومیە، بەڵام زیاتر پەدەچێت سیناریۆیەکی دروستکراوی ئەگەر پەدراوە بە بانگێشەی هەڵبژاردن.
یەکێک لە مەترسیە دیارەکان کە پێیوانیدی بە قەناغی دوای هەڵبژاردنەوە هەیە، ئەگەر پەکهاتە ناوخۆیەکان نەتوانن لە ماوەیەکی کورتدا بگەنە ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی پارێزگارو پۆستەکانی تر، ئەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی بارگرژی و ئاسایشی کەمایەتیش دەخاتە مەترسیەوە. جگە لە مەترسیەکانی دەستوەردانی دەرەکی لە ناوچە جێناکۆکەکان، بەتایبەتی دەستوەردانی تورکیا و ئێران لە کەرکوکدا.
جگە لەوەش هیچ ئەجێندایەکی هاوبەش لەنێوان ئەم هەرەمانەدا نیە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو بودجەیەی بە بەڕێوەبردنەکەیان تەرخانکراوە، ئاشکرایە گەندەڵیەکی سیستماتیکی ئیداریی لەماوەی ئەو دەساڵەدا تەواو سایەی کردوە، کە بەسەدان هەڵبژاردن پاک نابێتەوە.
گەر لەم هەڵبژاردنەدا کەمەك لەسەر کەرکوک ڕابوەستین، بەتایبەتی لە چۆنیەتی دەوری یەکێتی نیشتمانی و ململانێی لە گەڵ لایەنەکانی تر و چۆنیەتی بانگێشەی دەمارگیری نەتەوەیی بە هەڵبژاردن، ڕاستە ئاکامەکەی دەستکەوت و سەرکەوتنەکی بە یەکێتی نیشتمانی نیشاندەین، بەڵام ئەم دەستکەوت و سەرکەوتنە، لەم دەخە نالەبارەی عێراق و دەخی ئێستای کەرکوکدا، جگەی تێامان و پرسیارە؟.لایەکی تریشەوە ئەتوانین بڵێین جۆرێک دەرگایەکی بە یەکێتی کردەوە کە بەشەویەکی کاتیش بێت خەی لە بنەبەست و پاشەکشێیەکی گەورە پاراست، لەم هەڵبژاردنەدا یەکێتی نیشتمانی توانی بە گەمەو و قومارێکی گەورەو خەرجێکی زەرەوە لە مەیدانەکەدا بە ڕاوەستاوی خەی ڕاگرێت، ئەوەی لەم نەوەدا پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، ئەم شانسە چی بو جارێکی تر دەخەکە فرسەتێکی تری دایەوە بە یەکێتی لەو قۆیرانەدا گەر بە ماوەیەکیش بێت سەربنێتە دەرەوە و لەبەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا نیشانەیەکی پێشڕەوی بەقازانجی حزبەکەی بپەکێت.
ئەم یاریەی یەکێتی لە مەیدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا، ئاشکرایە یەکلایەنەو بە پشتیوانی و بە ڕەزامەندی تایبەت نەبوە.

گەڕێنەوە بۆ ئاراستەیەکی دەستپاکی لایەنی شیعەی سەر بەئێران لە بادەستیان بە سەر حکومەتی عێراقدا، لەهەمانکاتدا هاوپەیمانبوونی عێراق بە بادەستی چوارچێوەی هەماهەنگی، هەروەها لەلایەکی ترەوە لایەنگری یەکێتی نیشتمانی بە کەماری ئیسلامی ئێران و لایەنگری یان بەدەنگی لە بەرامبەر نەخشەو سیاسەتکانی چوارچێوەی هەماهەنگیدا، بەشێک بوو لەو قەیرانەی کە یەکێتی بە ململانێی لەبەرامبەر پارتی و تورکیادا تووشگلابوو، یان لەبەرامبەر بنبەستێکدا دەستوستان لە چاوەڕوانیدا بوو.

ئەم هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکوک ئەو هەڵە ئاڵتونیە بوو، کە یەکێتی بتوانی بە هێکەوتن لەگەڵ ئێران و چوارچێوەی هەماهەنگیدا بگاتە ئەو ئەنجامەی جادەی بە چەک کێن و گەوپی سەوزی بە هەڵکێن، گەر هەر جارە بانگەشەیەکی بریقەداربکات لەسەر کەرکوک لەم "هەڵبژاردنە"دا ناچێتە بابی لێپرسینەوە، چونکە هەم ئێران و هەم چوارچێوەی هەماهەنگی وەک حکومەتی ئەردۆغان حەساسن بەرامبەر بەوەی کەرکوک قودسی کوردستان بێت، بۆیە لەم هەڵبژاردنە جگە لە چاوپۆشی لە دروشمەکانی باقل، چاوپۆشی لە سەرپێچی و ساختەکاریەکانیش کرا، تا یەکێتی بە ئەنجامێکی وەها بێتە دەرەوە وەک پاداشتێک قەرەبوی تەواوی خزمەت و هاوکاریەکانی چەند ساڵەی بە کەماری ئیسلامی و حکومەتی عێراق بە بکەنەوە، بە مانایەک ئەم هەنگاوە لە ناوەڕۆکی خۆیدا سیاسەتێکە لە بەرژەوەندی ئێران و حکومەتی عیراق، لەلایەکی تریشەوە بەم شێوەیە گورزێکی تر بدەن لە پێگەی پارتی و پاشکۆیێک لەسەر تورکیاش تەمارکەن.

بەو پێوانەیەی لەم هەڵبژاردنەدا یەکێتی سەرکەوتنێکی بەدەست هێناوە، ناتوانە سەنگی مەحەک بێت بە دەسکەوتی تر، لەسەر بنەمای دەخیك کە ناوچەکەو عێراقی پەداتپێ دەبێت، یەکێتی ناتوانە ئەستگەی تر بە گەڵانەوەی پێگەی نفوزی خۆی لە بەدەست بێنێت، لەنەو هەوتی ئەو ئاوگەو ململانێ سیاسیانەی لە ناوچەکەدایە، لەبەرامبەر ئەو قەیرانەش کە بەگشتی بزوتنەوەی کوردایەتی هاوشانی ئەو پشهات و ئاوگەانەی لە ئایندەی ناوچەکەدا دەرگیر بووە، ئەم هەنگاوەی یەکێتی لە کەرکوکدا ناتوانە لەو قەیرانە گشتیەی بزوتنەوەی کوردایەتی دەربازیان کات.

ئەگەری ئەوە هەیە لە بەردەوامی ئەم پاداشتدا، یەکێتی تا بەدەستهێنانی پارێزگای کەرکوکیش بدیاری وەرگرێت، بەڵام کەرکوک وەک ئەو شارە دەمێنیتەوە کە هەڵە چەکدارەکانی حکومەتی عێراق بەهێزی دەبەن، ئەو پارێزگارەش دەبێت لە خزمەت سیاسەتکانی ئێران و چوارچێوەی هەماهەنگیدا موچەکەی وەرگرێت، ئەمەش لە ئاکامدا قەیرانکانی یەکێتی لە کەرکوکیشدا دەخاتەوە ناو قاوغەکەی خۆی.

# یەکەم کۆڕی ناسانەدنی ڕەمانی فەینی پردەکان لە هەولێر بە ڕووچوو

ئەمڕۆ ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2023\12\23 بە ئامادەبوونی ژمارەیەک نووسەر و ڕەماننووس و لە ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین لە هەولێر یەکەم کۆڕی ناسانەدن و بڵاوکردنەوەی ڕەمانی فەینی پردەکانی ڕەماننووس دڵشاد کاوانی بەڕووچوو.
ڕەمانی فەینی پردەکان ڕەمانێکی یوتۆبیای خەیاڵییە و تێکەڵ بە ئایین و فەلسەفە و مەژووی سیاسیی کراو، ڕەمانێکە براوەی پێشبڕکێی ڕەمانە لە ڤیم فاوندەیشن بە ساڵی 2023 ڕەمانی فەینی پردەکان سەرجەم بنەما و پێکهاتەکانی ڕەمانی باوی تێکشکاندووە، لە کاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕەمانەکە سەر ئاستی ناوەندەکانی ئەدەبی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزییەوە لە بارەیەوە نووسراوە و دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە.
لە میانەی کۆکەدا لەلایەن هاوکار جمیل مامەستای زانکۆی سەلاحەددین ئانانێکی ورد و ئێکادیمی بە کرا و تیشکی خستە سەر لایەنە شاراوەکانی ڕەمانەکە. هاوکار جەمیل ئەمڕۆی خستەووو کە ڕەمانی فەینی پردەکان بە خوێندنەریکی ئاسایی نەنووسراوە و بەکو پانتایەیکی زەری بە تووژەران لەکۆڕانی زانستی و ئێکادمیی تەرخانکردووە و سەرجەم ڕەهەندە جیاوازەکانی لە خۆگرتووە بە ئاوەی تووژەران بتوانن لە ڕوانگەی جیاوازەوە تووژینەوەی لەبارەوە بکەن.
هەروەها ئەمەشی گوت: کە ڕەمانی فەینی پردەکان بە تەواوی شێوەی تەکنیکی ڕەمانی باوی ڕەتکردەتەوە و بنەماکانی ئایین و فەلسەفە و عیرفان و دەروونشیکاری و تێکشکاندووە و پڕ لە ڕەمز و کەد و وێنا و ڕوئیای نوێ و بە ئایندەسازیی زیانی مرۆڤایەتی هەیە.
ئەم مامەستایەی زانکۆ بە پیویستشی زانی هەرچی زووە ئەم ڕەمانە بچێتە سەر زمانەکانی دیکەی جیهان خزمەتێکی گەورە بە ئەدەبیاتی ڕەمانی کوردی و جیهانی بە گشتی دەکات.
ڕەمانی فەینی پردەکان، ڕەمانێکی فرە ڕەهەندی سادیستی، مەژویی سیاسییە، دەروونی و فەلسەفیی عرفانییە، کە تێیدا کوشتن و دەستات

و ململانێی مانەوە، پێکهاتەی سەرکی ماناکەیە. هەروەها باس لە دروستبوونی میتۆلۆژیا و ئایینەک دەکات، کە دوای کەتای هاتنی ئایینەکان بەناوی ئەهلی حەق و کتێبی قینات کە لە سێ لەوحەکانی سوور و ڕەش و شین، پێکهاتوون و هەمان بە فەلسەفە و سیستەم و دەستەات.

دەشاد کاوانی نووسەری ماناکەش لەبارەی ماناکەیەوە دەڵێت: کە ماناکەی لە تەکنیک و زمان و کارکتەرسازیەی بەتەواوی جیاوازە لە ماناکانی کە تائێستا نووسراوەتەوە. ماناکانی فەینی پردەکان باسی سەرداوەکانی ئەنفال و کۆمەکوژی و ووخانی پردی گەیشتنی نەوان مرۆڤەکان دەکات و دەرد و نەهامەتییەکانی کۆمەگەی مرۆڤایەتی خستەتە ڕوو.

لە کەتایی کۆکشدا لایەن ماننووس واژوو لەسەر کتێبەکان کرا.






# کتێبی ژنێك لەرەنگی ئاو.. ستار ئەحمەد

سەلام سەعید ..ماوەیەکی زۆرە درێغی نەکردووە لەخزمەت کردنی وشەی کوردیداو چاپکراوەکانی گەواهی دەری ئەم راستییەن .
کتێبی (( ژنێك لەرەنگی ئاو )) ……
یەکێکە لەبەرهەمە جوانەکانی کاك سەلام سەعید ، کەساڵەی 3014 لەسەر ئەرکی کاك …سەران سەعید چاپکراوەو ژمارەی سپاردنی 1833 ی بەرۆوەبەرایەتی گشتی کتێبە گشتییەکانی پێدراوە.
بەشیعرەکانی ئەم کتێبەدا چوومەوە.بینیم غوربەت و تەنیایی و نا کامی بەرکی شاعیریان گرنووەو بەجۆرێ لەرستەی کورت و سادەو بەمانادا ، شاهیر باڵا گەردانی عەشق و پاکی و ئەمەك و لێکبڕان دەبێت . هەرچەندە لەچەند شوێندا وشەکان پشتی یەك بەرنادەن و دووبارە دەبنەوە.لێ ئەمە ناکاتە ئەوەی شاعیر لەجوانییەکان دابڕن و پەیامی راستەقینەی لەبیر ببەنەوە .یاخود لەتوڕی تەمو مژوو تەمتوومانا واتەکان بخنکێن ..
شاعیر لەکۆپلەیەکدا دەڵێت ….

گەر مەرگ
بواری دام ژوانێ ئەگرین
تێ لەچاوما بنوو
منیش بێ رابردوو
تۆر تۆر
ئەگریم

کاکە سەلام بەرگی قوربانیدانی بەبەری ئەم پارچە شیعرەیدا کردووەو دەیەوێت هاورَازەکەی لەدیدەیا پشوو بدات و لەژوانگەیەکی هەنسکا تۆر بەرێندکی ئەمەك و ئالوودەبوون بیشواتەوەو بێ خەیشی لەکەناری مەرگا تۆر تۆر بێ رۆژانی بێهوودەیی تەمەنی ناکامی بگریت .

بێ کۆڕیشتی کەئەتزانی
چاوم سەرنجی تەماشاتە
تەمەنم درەختی باڵات و
سیمام رەنگی زەردەخەنەت
شاعیر وەکوو شیرو قاوە لەهەڵچوونە .. لەلایەك خۆشەویستەکەی

لەدیدەیا دەسرەوێنێ،لەلایەکی دیکەشەوە سەرەکێنەی دەکات و گازندەی ئەوەی لێدەکات و دەپرسێت بۆ کوێ ڕێشتی .. سنوورو پەیوەست و تەپکەو داوی بۆ دەن]تەوە ، گوایە سەرنجی ڕوانگەی ئەوەو تەمەنیشی بەقەد درەختی باڵایەتی .. و بەخێشی و ناخێشیەکانی ئەویشەوە بەندە .. و شاعیر بەشێوەیەك بەندە بەخێشەویستەکەیەوە سەراپا ڕەنگی شادی و ناسڕی ئەوی گرتووە ، بەڵام تروسکەی شادیەك لەوشەکانیا بەدی ناکەیت . سەراپا نائومێدی و ڕەنجەڕێیی و کەوتن و هەڵاتنە .. شاعیر ڕەشبینە و تروسکەی ئازادی لەناخیا زۆر کەم وارێدەکەوێ بدرەوشێتەوە؟

ئەوەتا لە کێپلەیەکی تردا دەڵێت ....
تەمەن لەسەر ڕێ داینـاوم
بەدار شەقێکی شکست و
بەمشتێ ڕۆژی ماندووەوە
ژیان بەدیار سەرمەوەیە
لەهەنارێکی ئاودار ئەچێ
ناودەمم پێ ئەکا لەئاوو
دەستم بەسنگی ڕاناگا
ئیتر کچێ بۆ لێم هەڵدێی
دەستم بەهیچ کوێ ڕاناگا

شاعیر گەیشتووەتە خاڵی کۆتایی و چاوەڕوانی دونیایەکی تڕە، دەستی لەژیان شتووەو دەزانێت عومریشی بەرەو نەمان هەڵدەزنێ ..و گۆپاڵی ڕۆژگاری پێ بەخشیوە ،لارە لارەی مەرگێتی و لەگەڵ ئەوەشدا سوور دەزانێت دونیاو ژیان بەچۆژن و لەهەنارێکی ئاودار دەچن ..دەم و گەروو ناخی پێ دەکەن لەئاوو، بۆیە داوا لەناسکە کچی خەونەکانی دەکات .ئیتر بابس بێت هەڵهاتن و بات اوێك لەکێشی عەشق و ڤین و ژیانا بحەسێنەوە..لێ ئەفسوس دەستی بەهیچ کوێ ڕاناگاو
ناچار دەڵیت :.
خۆزگە زامەکانی نیشتمان
بەزامی بەر باران ئەچوو
کەخێشیەکرد
هیچی پاش خۆی
جێ نەدەهێشت

دیارە ئەم هەموو قسەو باس و ئەم هەموو جوانکاری و وشەسازی و دووبارە نزایە ی شاعیر بۆ نیشتمانێکی خوناوی و کاولە ئاشێکی کون کون و زامدارە ..

بۆیە دەستی سۆز بەرز دەکاتەوەو داوا دەکات نیشتمانەکەی بەر بارانی رەحمەت بکەوێت و لەگەڵ هاتنی شەماڵی سەفاو سایەقەی ساماڵدا ،خۆتەیەك بەجەستەیەوە نەدەماو ئەمیش پرَ بەدوو دیدەی خەوی یەکجاری دایدەگرت و ئۆخەی و ماڵاوایی لەزەبرو زەنگ دەکرد .

---

# کـــورتە چیـــرۆک\ مـــاچی کچە ءەجەمەکە.. جەلال قادر

لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان جاڕە بووم حەزم چووبووە کچە ءەجەمەک، هۆزانە لەناو باژێری- شارۆچکەی (نەغەدە) دەمبینی و دڵم دەی خەم بۆ بۆیان دەکرد.
کیژۆکی باریکۆلانە و چاوەشی لەو باریک و خوێن شیرین بوو، بۆ بۆ ئومێدیەوە دەیگووت : زەحمەتە ئێمە بۆ یەکتربین، ماوەمان هازی نابن بمدەن بۆ کوردی ئێراقی.
سەرەای بۆ ئومێدبوونم، کچێ هۆزانە لێبردم دوکانکی شەربەتفرۆشی سۆ چوار کاتژمێر هادەوستام بۆ دیدەنی نیگای ئەو پەریێ شۆخ و شەنگۆ.
شەربەتفرۆشکە گەنجکی گەنم هەنگ و قسەخۆش بوو، کە منی دەبینی دەیگووت : لەوەتەی ئەو کچە ءەجەمە بەرۆ تەدەپەیات هزقم زیادی کردووە.
هەندکجاریش بۆ ئەنقەست گرانیکی حەسەن زیرەکی دەهاویشتە سەر زبتەکەی :
نەسیحەت بێت بۆ دەداری
عاشق نەبن بۆ هەبواری

کاتێک سەبەری ئەو پەریێ دەردەکەوت، دەپۆشکام و ئاگام لەخۆم نەدەما. دەمزانی ئەویش دڵی پەیوەیە، جارجار ئاوڕی لەدەداموە و ئیشارەتی دەدامە، لی ئەفسووس کە ئێمە لە دوو شوێنی جیاواز لەدایک بووبووین.
لە پاش چوارپێنج مانگ بۆیارمدا ئەو شارۆ بەجێبهێم، بۆیارمدا دوا سەردانی گەڵکی کچە ءەجەمەکە بکەم، ئەگەر بینیم ماچکی مزری بکەم ئینجا ماڵئاوایی لێبکەم.

کاتێ نزیک بە مانیان بوومەوە، شەک بووم، پڕییم بینی بە کراسی بووکەنی، دەست لەناو دەستی زاوا سواری ئۆتۆمبیلێکی سووری کەشخە دەبوون.
خەریک بوو مەشکم بتەقێت، لە ئیرەیی سەرم لێشیوابوو. لەم کاتە، لە پێ گوێم لەدەنگی چەند لاوێک بوو دارکی ئەستووریان هادەکەشا بە سەر شەقامەکە، بەدەنگی بەرز دەیانگووت : هێ لە بووک و زاوا دەگرین تا بەخشیشێکی باش نەدات ئیزنی نادەین تێپەڕێت.
ئەم کردەوەیەم پێخۆش بوو، منیش بەدڵ و بەگیان هاوکارییانم کرد و کاریتەکەم لەگەڵیان هاکەشاو ناوەڕاستی جادەکەمان گرت.
ماشێنی بووک و زاواو کەسووکاری گەیشتە بەردەممان. سەرەتا زاوا بە قسەی خۆش و پاڕانەوە هەوڵیدا بەربەستەکە بشکێنێت، لەگەڵ گەنجەکان شانماننا بە شانی یەکتر، ئیزنی زاوامان نەدا هێگاکە ببڕێت.
زاوا ناچاربوو دەستی خستە گیرفانی بڕێک تەمەنی دا بە گەنجەکان، ئەوان دوور کەوتنەوە، خەم بە تاق و تەنها لە سەنگەر مامەوە، چەند جارێک زاوا پاڵی پێوەنام، وەک بەرد لە شوێنی خەم چەقیم. دووبارە ناچاربوو دەست بنێت بە گیرفانی بڕێک پوولی پیشاندام، وەرمنەگرت.
بە تووڕەییەوە، یەخەی گرتم و هاورایکرد : هەی ئاژاوەچی، چت لەم دەوێت؟

- ماچێکی بووکە...

قەڵەمی تووند گرت و گووشی و بایدا و خۆشی لەگەڵ سووڕاند، کەوتمە بەر پێی. نەمکردە نامەردی هەردوو ڕاقیم گرتوو بەزەویدا و لەبنی خەمناڵ، هاواری لە هەڵسا، تووڕەز سەر ئەژنەم بەر گوونی کەوتبوو.
لەم کاتە بووکە وەک ناوبژیوان دەستی نەرمی خستە سەرشانم و وتی ؛ ئەتۆ شەت بوویتە.
یەکسەر وەڵامیمدایەوە ؛ ماچێکم دە هێگاتان بە واڵا دەکەم.
زاوا کە هەشتا ئاخ و ئۆفی ژانی گونی بەری نەدابوو، هاواریکرد بەسەر بووک: ماچێکی بەڕە با لە کەمان بتەوە.
بووکە لە جێی خۆی وەک پەیکەر ڕاوەستا. لە سەرخە و بە جوانی و مهرەبانی لەی نزیک بوومەوە. ماچێکی مزرم کرد. خەرا وەک فیشەکە شتە، بەئەوی ئاوە لەدوای خەم بەدەموە، چووم بە ئاسمانەو ونبووم.

# قاسپەی دەنگەکی هەورامانی.. هەمەر نەریاوی

**(کورتە گوزارەک بە هووبارە هونەرییەکەی مامە بەختەدا)**

یەکەم: هەورامان، مەکەی هەستانترین نەغمە کوردییەکانە؛ مەژووی هونەری کورد ئەمەمان پە دەڵێت. ناخی هەر مرۆیەکی هەورامانی و بگرە خودی باڵندە و شاخ و داخی ئەم دەڤارە لەوانلەو لە مەڵەدی و ئاوازی هەرە کۆن و هەستانە و هەشتاکە هونەرمەندان(ستراندبژ و ژەنیار)وەک پەویست نەیانتوانیوە ئەم سامانە هەرە زەنگین و دەوڵەمەندە بە ئەرشیف بکەن و بیخەنە سەر گەنجینەی هونەری کوردی.
دووەم: لە خەیاڵدان و یادگەی گشت مرۆڤێکی هەورامانیدا سووچێک دانراوە بە گەرانیبژێک کە سەزی ناخەکەی ڕاست لە دەنگی ژەژ و کەوی سەربەرزایەکانی نیشتمان دەچێت. کە دەستڕێت ،هەموو هەورامان خەی دەبێتە مەڵەدی و گەرانیی کوردیت دە هەندە لە لا شیرینتر و لەبەردانتر دەبێت.
ئەم دەنگە خاوەنی ڕابردوویەکی گەشە و لە هەر شار و شارچکە و گوند و شاخ و پەدەشتەکی هەوراماندا زایەڵەی بەند و جە پەنجەی خزمەتی دیارە.
"جەهانبەخش غەفووری"یان هەمان "مامە بەخش"ی لای هەورامانیەکان، بە یەک لە دەنگە شاز و هەستەکانی سترانی هەورامی دادەنرێت و شانبەشانی کەسانە هونەرمەندانی وەک ئەسمان هەورامی(1935)،شەفیع کەیمەنیی(1942)، حەمەحسێن کەیمەنیی(1933)،جەمیل نەوسووی(1946)و سەباح هەورامی(1962)،ڕابردوویەکی پرشنگداریان بە گەرانی هەورامی دروست کردووە و ئەمەکە بە سەدان هونەرمەندی دی،درێژەپەدەری هەباز و هەچکە هونەرییەکەی ئەم گەرانیبژانن.
هونەرمەند بەختە، بە یەک لە ئەستووندەکە سەرکیەکانی ئاواز و مەڵەدی هەستانی کوردی دادەنرێت کە لە هەورامانی سەرکەشەوە دەنگی بە هەموو نیشتماندا باو دبێتەوە. هەفتا(70)ساڵ ڕاژە و خزمەت بە گەرانی هەورامی بە خەی بەرگەیەکی هەرە هوونە بە سەلماندنی هەمان ڕاستی. ئەسمان کەیمەنیی،جەمیل نەوسووی و فەتحوڵا جوانەیی(1952)،لە هاوەڵ هەرە نزیکەکانی ئەم هونەرمەندە دەنە

ئۆزمار کە پێکەوە دەیان گۆرانییان تۆمار کردووە.
زۆر جار مرۆ کە گوێی لە گۆرانییەکی بەخشۆ دەبێت،لە کوێی ئەم گۆردوونە بەرینە بیت،ڕاست خودی هونەرمانی بیر دەکەوێتەوە چونکە ئاواز و مۆسیقای ئەم بەشەی نیشتمان لە ستراندا خۆ دەردەخات. ڕاستە ئەسمان کەیمنەیی بە "پاشای سیاچەمانە" دادەنرێت بەڵام بەخشەیش یەک لە کەرەکە سەرەکییەکانی سیاچەمانەیە.
سێیەم: لەو نەوانەدا ئەوەی بەخشە لە گۆرانیبێژانی دی جیا دەکاتەوە،ووی لە وردە بەزم یان هەمان بەزمی چەپڵەیە لە نێو گۆرانیی هەورامیدا کە داهێنەرەکەی خودی ئەم هونەرمەندەیە و مەرکی خودی خۆی پێوەیە. بەیە بەخشەی هونەرمەند لە نێو گۆرانی هەورامیدا بە سەرتەپی بەزمی چەپڵە لە قەڵەم دەدرێت.
چوارەم: بەخشەی هونەرمەند ڕاستە خەڵکی گوندی "شەشمە"ی سەر بە شارەچکەی دەبزوێنی "نەوسوو"ە بەڵام هەر لە تەمەنی گەنجییەوە ڕوو لە شاری جوانڕۆ دەکات و بەشی زۆری تەمەنی لە قوتابخانەی جوانڕۆدا وەپشت سەر دەنێت. هەر لەم ڕێگەیشەوە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دەڤەری جافایەتی بە ناوەندەتی جوانڕۆ و نەوسوو دروست دەکات و هەر لە ڕێی ئەم هونەرمەندەوە بە سەدان لاوی گۆرانیبێژی ئەم ناوەی نیشتمان،شوێن ڕێچکەکەی دەکەون و بە هەورامی دەسترن.
بەخشە بەدرێژایی تەمەنی، 50 گۆرانی بە گوێجاێی ستراندا کوردی دەبەخشێت. کرمان کرمانێ،ئەی کێی ملبەرز ،نەهیەی خاماوی،عەجەب فەڵە بەخشان،گوڵە وەحاجی مریەم و ئاوەدان جوانڕۆ ،لە ستراندا دیارەکانی مام بەخشە دەنێ ئۆزمار کە بە هەمیشە لە یادگەی مرۆی ئەم دەڤەرەدا دەمێننەوە.
پێنجەم: هونەرمەند مامە بەخشە، یەکەم کەسیش دەبێت کە ئامێری دەف دەنێتە نێو گۆرانیی هەورامی و سەزی نێو ئامێری دەف لە نێو تەکیە و خانەقا و مزگەوتەوە بە دنیای گۆرانی کوردی دەگوێزێتەوە و هەر لەم ڕێگەیشەوە دەنگی گۆرانی و ئامێر ئاوێتەی یەکدی دەبن. ئیدی لەرە بەدواوە ستراندا هەورامی پێ دەنێتە نێو قەناخێکی دی و زۆر خۆراتریش بە هەر هەموو کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە.
جێی ئاماژەپێدانە هونەرمەند جەهانبەخش غەفووری(بەخشە)ساڵی 1936(1316ی هەتاوی)لە گوندی "شەشمە"ی نزیک شارەچکەی "نەوسوو"ی سەر بە شاری "پاوە"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک دەبێت و سەرەنجامیش ڕۆژی 12ی گەلاوێژانی 2723(2023)لە تەمەنی 87 ساێیدا لە شاری جوانڕۆدا کۆچی دواییی دەکات و خاکی ئەم ناوەی نیشتمان دەبێتە دوا هەواری.

**هەمەر نەریاوی**

ژمارە:
1 – کۆمەڵی ملیۆنەرزوو هەورامانی،ماڵپەڕی فرات((ANF، نۆڤمبەری 2023
2 – خاڵی سەبواری هونەر و جوانی،عوسمانی نووری(سەبین)،گوتاری نو
3 – بە احترام مامە بەخشۆ و بۆ هنرمندان جوان،دکتر محمد یعقوبی،دەنگی نەریاو
4 – باوەرین ئەو ساز شیوەن سەدایە،پەیامی ئەنجوومەنی فەرهەنگی-ئەدەبیی مەریوان بۆ کچی تاهەتایی هونەرمەند بەخشۆ
5 – دەنگێک بۆ قووڵایی و پانتایی هەورامان،دەنگی نەریاو

---

# سودەکانی هونار.. سامان خدر محەمەد

هونار یەکێکە لە و میوانەی کە لە وەرزی پایزدا پە دەگات و میوەیەکە لە ناوچەگەرمەکان و کوستانەکان دەڕووێت لە سەگی قەدەم و سەگەو چەندین سودی هەیە کە لە ١٠ خاڵدا سەنکراوەتەو.

سودی بۆ وەبەروبونەوەی شەرپەنجە: خواردنی هونار بەرگریەکی بەهێز دروست دەکات بۆ لەناو بردنی خانەکانی شەرپەنجە لە لەکۆینەوەیەکی زانستی دا لە ساڵی ٢٠١٢ ئەو ڕوون بوتەو کە هونار دەبەتە هۆی لەناوبردنی خانەکانی شەرپەنجە.

بۆ ژنانی سک پە : خواردنی هونار لەلایەن ژنانی سک پەو دەبەتە هۆی دروستکردنی تەواوی ئەکسجین بۆ کەرپەو هونار دەوڵەمەندە بۆچەند ڤیتامینێک بۆ دایکی سک پە.

بۆسودە بۆ ئەسک : سودەکی زۆری هەیە بۆ ئەو نەخۆشیانەی توشی ئەسک دەبنەو بۆتایبەتی ئەو کەسانەی لەتەمەنی پیریدا توشی نەخۆشی ئەسک دەبن.

هونار ناهەڵەت توشی نەخۆشی لەبیرچونەو ببیت: لە لەکۆینەوەیەک لە زانکۆی لیما لیندای ئەمریکی ئەوی دەزیەو کە شەربەتی هونار بەرگری دژی نەخۆشی لە بیرچونەو دەوستەتەو.

سودی هەنار بۆ پەستانی خوێن : خواردنی ٥٠٠ ملم ژانۆڵ بۆ ماوەی مانگێک دەبێتە هۆی ئەوەی کەسە توشی پەستانی خوێن نەبێت ئەویش زانکوی مالیکیی مارگریت لە سکۆتلەندا ئەو ڕاستیەی خستوتە ڕوو.

چەوری خوێن ناهێلێت: خواردنی شەربەتی هەنار دەبێتە هۆی لەناوبردنی چەوری خوێن بە یەکجاری ئەویش بە خواردنی بە ماوەیەک دکتۆر تۆماس کلینکی و پسپۆڕی نەخۆشیەکانی دڵ لە ئەمریکا ئاماژگاریمان دەکات بۆ خواردنی شەربەتی هەنار ئەوەشمان پێ دەڵێت شەربەتی هەنار خاوێنە لە شەکر.

بۆ دابەزاندنی کێش بەسودە: خواردنی هەنار بەرگری ئەوە دروست دەکات کە کێشی لەشمان زیاد نەکات و کێش دادەگرێت تاکە خواردنی بە هەزە لە سوتانی چەوری بەتایبەتی چەوری ورگ لەم حاڵەتە دەبێت ژانۆڵ بخرێت.

سودی هەنار بۆ شەکرە: لێکۆینەوەیەکی ئیسرائیلی شەربەتی هەنار دەبێتە هۆی هۆی کەم بوونەوەی نەخۆشی شەکرە و ئەوانەی هەنار دەخۆن کەمتر توشی ئەم نەخۆشیە ئەبن و چارەسەریشیان دەکات.

سودی بۆ جگەر : هەنار سەرچاوەیەکی سەرەکیی ڤیتامین جی و پۆتاسیومە ئەویش دەبێتە هۆی پاک بوونەوەی جگەر و ریخۆڵەکان و کەم بوونەوەی هەوای ناوسک.

بەسودە بۆ بەهێزی سێکس: هەنار یەکێکە لەو میوانەی کە پاڵنەرو و هاوکاری سێکسە و ئارەزوی سێکس زیاد دەکات لای پیاوان و ژنان، ئەو کەسانەی بەردەوام هەنار دەخۆن، لە کاتی ئەنجامدانی سێکسدا پەستانی خوێنیان نزم دەمێنێتەوە، دکتۆر کریستوفەر فەریست لە زانکۆی کالیفۆنیا دڵنیای دەکاتەوە شەربەتی هەنار لە سەدا ٥٠ی توانای سێکسی زیاد دەکات و ئەبێتە هۆی کەم بوونەوە نەخۆشی دڵ و شەرپەنجەی پێستات.

# بوونەوەری چاک.. شیعری فەرهاد کەریم

مرۆڤ لە ناو خۆی جیابتەوە بچوککی گەورەیە و خۆی نازانێ گوو رۆژە
من مرۆڤم دەزانم ئاودەست شوێنی ژیان و پشوودان نیە
سەرم پێبووە لە هەواڵ مرۆڤ لێناگەڕێ سەر بەتاڵ بێ لە هەواڵی خراپ
خراپی مرۆڤ لەوەدایە بە هەموو شتێکەوە رادێ منیش رانایەم بە خەمی مرۆڤ
غەریبی خۆم دەکەم شەرم نیە مرۆڤ غەریبی خۆی بکا سەیرە مرۆڤ غەریبی خۆی نەکا
دووەم هێندە دووەم دەشمریت ناگا پاڵەوانی گۆڕەپان نیە گەورەی بچووکە، مرۆڤە بچووکی گەورە
پەلاماری ژیان هەمیشە نزیکە خۆنە شەقام،
نەبینرێیت باشە حەز لە سەیری جوانی ناکا بینینی پێبووە لە گوو مرۆڤ
سروشتی بازار، شەی ئاین، رەنگ نەخۆش، کەر بیر بووە مرۆڤ
هاورێکانم درۆژ ژیان و بە کورتی مردن زۆر ژیان و بە کەمی مردن هاورێکانم
هاوڕێیەکم هەبوو لە ژیان دەترساو نەمرد لە مردن دەترساو نەژیا هاوڕێیەکم
هاوڕێیەکم هەبوو لە مردن و لە ژیان دەترسا، نە مرد و نە ژیا
هاوڕێیەکم هەبوو لە مردن نەدەترساو ژیا لە ژیان نەدەترساو مرد هاوڕێیەکم
هاوڕێیەکم هەبوو نە حەزی لە ژیان بوو نە لە مردن لە نێوان مردن و ژیان دەسووڕایەوە
من هەرگیز لە هاوڕێکانی خۆم نەگەیشتم و نامەوێش بگەم و کێشە بخەمە ناو ژیان و مردنیان
هەمیشە لە دەرەوەی ژیان و مردنی ئەواندام بێ ئەوەی پەیوەندیەکانمان ئاڵۆزی تێنەکەوێت
مرۆڤ غەریبی خۆی بکا شەرم نیە لە ناو خۆی جیابتەوە گوو رۆژە
سەرم پێبووە لە هەواڵی خراپ ئاودەست شوێنی پشوودانە
من مرۆڤم و خەوم دێ بە خەوی مرۆڤەخوا
پێبووە لە شەوی رونای قوربانیەکە سواوە چرایەک نیە بێ گەشە رۆژی تاریکە تاوان

شەش بە دەمامکەوە شووەییە، گورگ و مەڕ و کەر منداڵی مرۆڤن خوا دەمامکە
منداڵەکانی دایانەوە کەندۆ
یەکی خوارد، یەکی کوشت، سواری یەکێکیان بوو
ئاو ئاو چووە مرۆڤ
مرۆڤ زۆر میهرەبانە وای گووت ئەو
گورکە نا،
مەڕەکە نا،
کەرەکە نا،
ئەو گوتی،
کەسیش گوێی لە ئەو نەبوو
مرۆڤ میهرەبانە
کەسیش گوێی لە من نەبوو
مرۆڤ دڵێیی کۆتایی ناخوێنتەوە
گەر نەکوژێ و نەخواو سوارنەبێ
سواربوون و خواردن و کوشتنت پیرۆز بوونەوەری خراپ
خەوت باش بوونەوەری چاک با میهرەبانیت نەزڵێت بە خەوتوویی جوانیت

۞
۞

---

# سۆزی دڵ.. نۆوزاد بەندی

وا ئەمشەویش ڕۆح بە جەما و دڵ لەناکاو سەفەری کرد .
بەو شەستێ بارانێ هات و کێ هاتێ ژوور ، ئەو دەری کرد .

من ئەمزانی دیوارێکی بەرز هەیە ئاڵەو نەوانێ،
ئەو کەوانێ ، هەموومانی لێ تیشکی خۆر بێ بەری کرد .
بەو ناکاوێ ، جانتاکانت چۆن ڕۆکخست و ئامادە بوون ؟
زۆر سادە بوون ووشەکانت ، کێ ڕۆحت وا بەبەری کرد .
ئاگاداری ڕێگاکان بێ ، خۆت ئادەستی خەیاڵ نەکەی ،
نەکەی وەک درەخت ، وەرزەکان چییان داپێی ، لێبەری کرد .
دەوران دەورانێ ئەزیزم ، ئەو گوڵەی کێ چاو هەڵدەنێ ،

ئەم بە ئاگا پەی پیا ئەنە و ئەو ئاگادار ، لەسەری کرد .
لەو شەقامە شەدارانەی قەوزە دیواری گرتووە ،
لە میترەیەکا یادم کە ، گەر خەم لەگەتا شەی کرد .
لە پارکەکانی ئەوروپا ، لەگەڵ بەفرا وەنە بگرە ،
من لەرە چی بکەم گەر شیعرە داوای دوە و گەوهەری کرد ؟
لەوە بەناو گەڵا و گەڵی باخەکی تەڵا نوقوم بە ،
قەینا مەپرسە کە دەم بەخەم سەر ەڵژ بوو ، سەری کرد .
ئەرەیی نییە ئەزیزم ، لەرە ئەرەییش بەجێی هەشت ،
چی بکەم دەم تەنگە و دووریت زیاتریش تەنگبەری کرد .
نەڵێی پەی ناخەشە گەشتە بکەم بە دنیای ەڵشنا ،
یەک باەداری شیعرم هەبوو ، گەشتی تە دەربەدەری کرد .
هەر ئێستا لە تاریکیدا ، نەخەوم دە و نە خەر هەدە ،
نازانم کاممان قازانج و . کاممان شکا و زەرەری کرد
ئەگەر لەناو جانتایەکتا ، دەنکە شیعرت ببردمایە ،
کاتەکت زانی برژانگت بەتە سوختە و لەبەری کرد .
وا نەزانی ئەوە ئیتر کانگای ئەوین و هیوایە ،
زەر خەبیر پەنای بە برد و کەچی ئەو بە خەبەری کرد .
هەمان دنیای وشک و ەڵقە ، ەڵنگەکان نەتخەڵەتنن ،
نەکراوە هەشتا وەک ئەوەی کە بەشەر بە بەشەری کرد .

---

# ەوناکی، من، گوە، ئاو.. شیعر: سهراب سپهری.. وەرگەانی: پشکە ناکام

هەور نیە...
"با" نیە....
لە قەراغ حەوزەکەوە دایشتم
جوەی ماسیەکان
ەوناکی ، من ، گە ، ئاو
"پاک"تی ژیان
دایکم ، ەحانە کەئەکاتەوە

نان و ..ەحانە و..پەنیر
ئاسمانی بە هەور
گوڵە بەنەفسجیە تازە پشکوتوەکان
ئاخە تیشکی ڕووناکی لە جامی مسا
دەی چی باتەوە..!
پەیژەی دیوارە بەرزەکە
کازیوە ئەگەیەنتە سەر ئەرز
لە پشتی زەردەخەنەوە
هەموو شتەک شاراوەیە

---

کونەک لە دیواری زەمانایە
کە ڕووخساری منی تیا بەدی ئەکرێ
چەن شتەک هەن کە من نایانزانم
بەس ئەزانم گەر بە ڕەنگی سوز
خەم بپەشم ..ئەمرم
ئەڕەم بەرەو لوتکە
پەم لە پڕە و باڵ
لە تاریکیا " ڕەگا" ئەبینم
من پێ لە فانەسم
من پێ لە لم و نوورم
و
پر لە دار و درەخت
پەم لە ڕەگا …لە پرد
لە ڕووبار…لە شەپۆل
پەم لە سەبەری گەیاەک
کە لە ناو ئاوایە
ئای "دەروون" م چەن تەنهایە